## وڵاتی من

وڵاتی من بەرگی یەکەمی کتێبی بیرەوەرییەکانی خوالێخۆشبوو "حاجی عەبدوڵڵای قازی"یە.
حاجی عەبدوڵڵا کوڕی قازی کەریم، لە بنەماڵەی قازییەکانی مەهاباد و سەرچۆمی مەجیدخان و ئاغای گوندی "کۆنەدێ" بوو لە دەور و پشتی مەهاباد.
بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدوڵڵا دارماڵی زانیارییە لە ژیانی عەشیرەتی ناوچەی موکریان لە سەدەی بیستەم تا ساڵی شۆڕشی ئێران (١٩٧٩)، کە کاک قاسمی کوڕی رێکی خستوە و لە سوید لە چاپی داوە. لە کتێبەکەدا، زوڵم و زۆری مەئموورانی حکوومەتی لە ناوچەکە، بارودۆخی ژیانی بنەماڵەی قازی، ساڵانی کۆمەڵەی ژ.ک. و کۆماری کوردستان و دوای ئەو هەتا حکوومەتی موسەددیق و راپەڕینی باڵی شۆڕشگێری حزبی دیموکرات لە ساڵانی ٨-١٩٦٧ و گەلێک بابەتی دیکەی سەردەمی رەزاشا و کوڕەکەی باسیان لێوە کراوە.
ئەوەی بۆکان بگرێتەوە، حاجی عەبدوڵڵا باسی عەشایری دێبوکری، عەلی ئاغای حاجی ئێلخانی (عەلیار)، قاسم ئاغای موهتەدی، حیسامی داشکستان، ئاغایانی فەیزوڵڵابەگی، راپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی چۆمی مەجیدخان(١٩٥٣)، هەندێ گوندی دەوروپشتی شار وەک حەمامیان و دیوەخانی مەحموودئاغای ئێلخانی زادە و گەلێک بابەتی هاوچەشن دەکات. حاجی عەبدوڵڵا ماوەیەک لە بۆکان سەربازی کردوە و لە میهمانخانەی "حسێن خاتەمی"(ئەندامی حزبی توودە) ماوەتەوە، باسی ئەو ساڵانە و کاتی رۆیشتنی جوولەکەی بۆکان بۆ فەلەستینی کردوە و ناوی "ماڵی حاجی حەمە دەمین" (تاجری بۆکان) دەبات و هەروەها دوکتۆری ئاڵمانی لە بۆکان.

وڵاتی من، بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدوڵڵای قازی، ئامادەکردنی قاسمی قازی، ستۆکهۆلم(سوید) ٢٠٠٥، ١٨٨ لاپەڕە(کوردی)